راپۆرت

# هەڵوێستی یەکێتی ئەوروپا:
# ئۆپەراسیۆنەکانی دژی راگەیاندن
# هەڕەشەن بۆ سەر بەهاکانی ئەوروپا

نایف غەفوور

یەکێتـی ئەوروپـا بە تونـدی کـاردانەوەی نوانـد بەرامـبەر بە ئۆپەراسـیۆنەکان لە دژی ڕاگەیانـدن. مـۆگەرینی و خـاهن لە بەیاننـامەیەکی هاوبەشـدا ڕایانگەیانـد کە ئۆپەراسـیۆنەکان لە دژی بەهاکانی ئەوروپایە. پیری بە ناوی ڕێپۆرتێری تورکیا ڕایگەیاند کە دەستبەسـەرکردنەکان هێرشـە بـۆ سـەر ئـازادیی ڕاگەیانـدن و هەر وەها وتی؛ "شۆک بووم".

"یەکشـەمەی ڕەش کە کودەتـایەکە لە دژی ئـازادی ڕاگەیانـدن لە تورکیـا، کـاردانەوەی ئەورووپـای لـێکەوتەوە. یەکێتـی ئەوروپـا و پەرلەمـانی ئەوروپـا لە بەرامـبەر دەسـتگیرکردنی بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی چـاپەمەنی ڕۆژنامەی زەمـان و هیدایەت کاراجـای سـەرۆکی گروپـی چـاپەمەنی و ڕاگەیانـدنی سـامانیۆلو کـاردانەوەی تونـدیان نیشـان دا. ئەوروپا ئەم هێرشـانەی وەک هێـرش بـۆ سـەر ئـازادی ڕاگەیانـدن و بیـر و ڕا نرخانـد. نوێنەری بـاڵای یەکێتـی ئەوروپا و

بریکاری سەرۆکی کۆمیسیۆنی یەکێتی ئەوروپا، فێدریک موگەرینی لە گەڵ بەرپرسی بەشی گەشەپێدانی گفتوگۆکان و ئەندامی یەکێتی ئەوروپا یوهانس خاهن لەو بەیاننامە هاوبەشەدا کە بڵاویانکردۆتەوە؛ هێرشی پۆلیس بۆ سەر نوێنەرانی چاپەمەنی و رۆژنامەنوسان و دەستبەسەرکردنیان، لەگەڵ بنەماکانی ئازادی چاپەمەنی و راگەیاندن وەک سەرەکیترین بنەمای دیمۆکراسییەت، یەک ناگرێتەوە. لەم بەیاننامەدا ئاماژە بەوە دەدرێت کە هێرشکردنەکە دژایەتییە لەگەڵ ستاندارد و بەهاکانی ئەورووپا و جەخت دەکاتەوە کە ئەم بەهایانە بنەمای پێوەندییەکانی یەکێتی ئەورووپا و ئەنقەرەیە. هەر وەها جەخت دەکات کە ئەم گومان و دڕدۆنگیانە لە کۆبونەوەکانی داهاتوی یەکێتی ئەوروپا کە تورکیا بەشێکی گفتوگۆکانە، باسی لێوە دەکرێت. شایانی باسە کە یەکێتی ئەوروپا بەیاننامەی هاوبەش تەنیا لە سەر ئەو بابەتانە دا دەدات کە زۆر پێی گرنگە.

مارتین شۆلزی سەرۆکی پەرلەمانی ئەوروپاش کە هەڵوێستێکی توندی بەرانبەر بە پێشێلکردنەکانی ئازادی چاپەمەنی لە تورکیا نیشان دا. جەخت لەوە دەکاتەوە کە هێرشی سەر رۆژنامەی زەمان " زۆر دڕدۆنگکەرە". شۆلز لە بەیاننامەکەیدا کە لە لاپەڕەی تویتەری خۆی داینـاوە دەڵێت: "میدیای ئازاد بێدەنگ ناکرێت" و ئەوە دەردەبڕێت کە تورکیا و ئازادی میدیا بە دوو ڕێگەی جیاوازدا دەڕۆن. جییانی بیتیللا ی سەرۆکی دووەم گەورەترین فراکسیۆنی سوسیالیست و دیمۆکراتەکانی پەرلەمانی ئەوروپاش بە هەمان شێوە لەو پەیجی تویتەری خۆیدا دەڵێت؛ " ئەندامیەتی تورکیا بۆ یەکێتی ئەوروپا گرێدراوی ئازادی راگەیاندنە و هێرش کردنە سەر رۆژنامەی زەمان، وڵات بە لاڕێدا دەبات".

توندترین هەڵوێستیش لە لایەن "کاتی پیری" ڕێپۆرتەری تورکیای پەرلەمانی ئەوروپا نیشان درا. ئەم پەرلەمانتارە ئیتالییە دەستەواژەیەکی بەمشێوەی بە کار هێنا؛ " بە هۆی گرتن و دەسبەسەرکردنەکانی تورکیاوە شۆک بووم. بەدوادا چوونی هەر ڕاگەیاندنێک کە ڕەخنە لە حکوومەت بگرێت، هێرشکردنە بۆ سەر ئازادی ڕاگەیاندن".

**کۆنسەیی ئەوروپا دڕدۆنگە**

دانییەل هۆڵتگەن وتە بێژی سکرتێری گشتی کۆنسەی ئەوروپا کە تورکیاش بەرئەندامیەتی، لەو لێدوانەدا کە بۆ زەمانی داوە، دەڵێت؛ "بە ڕای ژاگلەندی سکرتێر، ئازادی ڕاگەیاندن لە مەترسیدایە و من هەمیشە دڕدۆنگم لەوەی ڕۆژنامە نووسان دەستبەسەر بکرێن و بەربەست لە بەر کارەکانیان دروست بکرێت."

**حکوومەت وازی لە یەکێتی ئەوروپا هێناوە و زوڵمی هەڵبژاردووە**

ئەلێکساندەر گراف لامبسۆرف بریکاری سەرۆکی پەرلەمانی ئەوروپاش دەڵێت؛ بێگومان حکوومەتی پارتی داد و گەشەپێدان بەم دەستبەسەرکردنانە سەلماندی کە وازی لە بەرئەندامیی یەکێتی ئەوروپا هێناوە. لە هەمانکاتدا بریکاری ڕیپۆرتەری تورکیا دەڵێت؛ " ڕووداوەکانی ئەمڕۆ نیشان دەدەن کە حکوومەت زوڵم هەڵدەبژێرێت. ئەم ڕوداوانە هەم بۆ ئەوروپا و هەم بۆ دۆستانی تورکیا بێزارکەرە، بەڵام لەوەش گرنگتر بۆ خەڵکی تورکیا هەواڵێکی بێزارکەرە." لە بەیاننامەکەی ئەڵمانی لیبەراڵ دا ڕەخنە لە یەکێتی ئەوروپاش دەگیرێت و دەڵێت؛ پێویست بوو یەکێتی ئەوروپا زۆر پێشتر تورکیای لە بابەتی مافە بنەڕەتیەکان و ئازادییەکان، ئاگادار

بکردایە و هەڵوێستی ڕاشکاوانەتری بنواندایە، هەروەها ڕەخنەی لە کۆمیسیۆنی ئەوروپا گرتووە کە بە پێی پێویست هەل و مەرجی دژواری نووسەر و ڕۆژنامە نووسانی نەهێناوەتە ڕۆژەڤەوە و دەڵێت؛ "کاتی وازهێنان لەو هەڵوێستە نادروست و دوو ڕووانە هاتووە." و جەخت دەکاتەوە کە ؛ "تورکیا یان دەبێ لەگەڵ ئەوەی دەبێتە خاوەن کۆمەڵگایەکی کراوە و ڕاگەیاندنێکی ئازاد و وڵاتێکی دیموکراتیک، یان هەر وەک سەردەمی دیکتاتۆرە سەربازییەکان دەبێتە ولاتێکی سەرکوتکەری هەموو گرووپەکان و خۆی بە ڕووی ئەوروپا و ئەمریکادا دادەخات و زیانمەند دەبێت."

**ئازادی ڕادەربڕین لە مەترسیدایە**

سێر گراهام واستۆن سەرۆکی لیبراڵە ئەوروپییەکان جەختی کردەوە کە زۆر نیگەرانن بۆ ئەم دەستبەسەرکردنانە و ئەم ڕوداوانە تایبەتمەندیی ڕژیمە ئۆتۆریتەرەکانی تورکیای ئاشکرا کرد. واستۆن هەروەها وتی؛ "لیبراڵەکانی ئەوروپا یەکجار نیگەرانن لە دەستبەسەرکردنی ئەکرەم دومانلی و هیدایەت کاراجا. تورکیا لە ئێستادا تایبەتمەندیی سیستەمە تۆتالیتەرەکان دێنێتەوە یاد، ئازادی ڕادەربڕین لە ژێر مەترسیی جیددیدایە." هانس سڤۆبۆدا سەرۆکی پێشووی سوسیالیستەکان کە گەورەترین گروپی پەرلەمانی ئەوروپایە، لەو پەیامەدا کە سەبارەت بە میدیای سۆسیال بڵاویکردەوە، دیاریکردوە کە؛ "ئەو شتانە لە تورکیا لە بەرانبەر ڕۆژنامەنووسان کراوە، لە ژێر ناوی دیموکراسیدا، بەرەو پاش چونێکی نوێیە." هەر وەها وتی؛ "دەبوو تورکیا ڕۆڵی وڵاتێکی مودێلی هەبوایە بۆ وڵاتانی ناوچەکە."

**کۆمەڵگای نێودەڵەتی هەستاوەتە سەرپێ: دیمۆکراسی لە مەترسیدایە**

پسپۆڕانی کاروباری تورکیا بەرانبەر بەو کارە نایاساییەی ڕۆژی ١٤ی دیسامبەر، کە پۆلیسی تورکیا هێرشی کردە سەر کارمەندانی تەلەڤزیۆنی سامانیۆڵو و ڕۆژنامەی زەمان و خێرا بووە ڕۆژەڤی هەموو دونیا، هەڵوێستی توندیان نواند. "جۆ گلانڤیل" بەرپرسی PEN بە ناوەندییەتی بەریتانیا لە بەیاننامەیەکدا کە لە ڕۆژنامەی زەمان بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت؛ "بە هۆی هێرش و دەستگیرکردنەکان، تا دوارادە دڕدۆنگین" و هەروەها بەردەوام دەبێت کە ڕێکاریی هێرش و سەرکوت تەنیا ڕێز و حورمەتی تورکیا و ئازادی هاووڵاتیان و ئیعتباری نێودەوڵەتی تورکیا لەکەدار دەکات.

ڕێکخراوی ڕۆژنامە نوسانی بێسنووریش (RSF) هەڵوێستی توندی نواند بەرانبەر دەستبەسەرکردنەکان. یوهان بیەر بریکاری لقی ئاسیای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەورروپای ڕۆژنامەنووسانی بێسنوور کە ناوەندەکەی پاریسە، لە بەیاننامەکەیدا سەرنج دەکێشێتە سەر ئەوەی کە لەم ساڵەی دواییدا بایکۆت و فشاری ئابوری و شکاتی دادگا لە دژی میدیای نزیک لە بزوتنەوەی فەتحوڵا گوولەن زیادی کردووە و هەر وەها ئاماژە بەوە دەدات کە هێرشەکان چەند ڕۆژی ڕابردوو لووتکەی ئەو فشار و دەستبەسەر کردنانەیە. یوهان هەر وەها دەڵێت کە فشار و هێرش بۆ سەر دەنگی ئۆپۆزیسیۆن شەرمەزار دەکان. یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژانەی ئاتین لە سەر ناوی ڕێکخراوی گەورەی چاپ و بڵاوکردنەوەی یۆنانیستانیش دەڵێت؛ " هێرش و دەستبەسەرکردنەکان لە ئاستێکدان کە پێشتر نموونەی نەبینراوە". ئێما سینکلایەر- وێب لێکۆلەری بەشی تورکیای ڕێکخراوی

چـاودێری مـافی مـرۆڤ سـەبارەت بە دەسـتگیر کردنـی ڕۆژنـامە نووسـان دەڵێت؛ " لە هێرشـێکی سـەرکوت کردنـی نـوێ دەچێت لە دژی میدیا لە تورکیا."